# پەیرەو و پرۆگرامی

# سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەم

# (کۆنگرەی پێشکەوتن)

چی بەرەی مادە دەبێ وەک فەرهاد

دەم بژەننە دڵ و جەرگی بێستوون

زەردو ماهان ببڕن تا ئاوات

جێژنی پیاوانە بەرەو ئاوات چوون

شوێنەواریان بێ کەهیوا بڕیوون

خوێنی گەشیان لە لەشی کەژ هەڵسوون

چاکە بۆ بیرەوەری ڕۆژی خەبات

مێژوو نووسینی بەخوێن نەک ئاڵتوون

# پەیڕەو و پڕۆگرامی
# سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
# پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەم (کۆنگرەی پێشکەوتن)

١ ـ دوای شەڕی چاڵدران لەنێوان عوسمانیەکان و شا سمایلی سەفەوی کە لەئووتی ١٥١٤دا رووی دا، زۆرینەی کوردە سوننیەکان پشتیوانیان لە دەوڵەتی عوسمانی کردو لەشکری شا سمایل شکستی هێنا، بەڵام دوای شکستی هێزی شائیسماعیل دژمنایەتی ئەو دوو دەوڵەتە درێژەی کیشا، تا لەساڵی ١٦٣٩دا پەیمانی دابەشکردنی کوردستان لەنێوان ئەو دوو بێگانەدا مۆر کرا و بەشی زۆری کوردستان کەوتە بەر دەسەڵاتی عوسمانیو بەشی کەمتری کە کوردستانی ئێستێی ئێرانە کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەفەویەکان کوردی یەک زمانو یەک رەگەزو یەک فەرهەنگو یەک کەلەپوور بەبێ ئەوە خۆی رازی بێ دابەش کرا لەنێوان دوو میللەتی جیاوازدا. لە شەڕی جیهانی یەکەم دا بۆ دووهەمجار ئەو بەشە لەخاکی کوردستان کە بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، کرا بە سێ بەش، بەشێك بەر سوریە کەوت، بەشێك بەر تورکیە و بەشێك بە عێراقەوە لکێندرا. لە دابەش کرانی یەکەمەوە کورد بە تەواوی هەستی بە سووکایەتی کرد، هەستی ئازادیخوازی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبوو وە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەبێ رەحمانە دەچەوساوەو سەرکوت دەکرا. ئەو دەوڵەتانە دەستیان دایە راگوێزتنی هۆزە کوردەکان بەرەو ناوچە دوورەکان، عوسمانیەکان بەرەو ئەرزەرۆمو ئەناتۆڵیو سەفەویەکان بەرەو خوراسان کە زۆربەیان دوای چەند سەدە زمانو فەرهەنگو رەگەزی خۆیان لێ وون نەبووەو هەر نەفرین دەنێرن بۆ ئەوانەی رایان گواستن.

گەلی کوردستان لەدوای دابەشکرانی بەسەر چەندین وەڵاتدا، وەك غەوارەو گەلی بێ بەشو جێ گومان چاویان لێکراو ئەو روانینە ناحەزو ناپەسەندەی داگیرکەران، لەماوەی سەدان ساڵی رابردوو وای کرد کە کورد دەست بداتە خەبات، لە بەرانبەر ستەمو داگیرکاریدا، بەتایبەت ئەو خەباتو فیداکارییەی کە لەماوەی ١٥٠ ساڵی رابردوودا، دەیان هەزار قوربانیی لێکوتۆتەوەو دەربەدەریو ماڵوێرانیو بێسەروشوێن بوونی کوردی بەدواوە بوو.

ستەمو بێ عەداڵەتیەکانی دەسەڵاتداران، بەڕادەیێك بێ بەزەییانەو بەرین بووە کە جیهانی هێنایە دەنگو وای کرد کە مرۆڤایەتی لە بەرانبەر ئەو گشتە ستەمانەی لە کورد دەکرێ، هاواری بەرز ببێتەوە.

نموونەی ستەمو دڕندەیی دەسەڵاتدارە خۆبە زل زانو ملهوڕەکان لەدژی کوردو تێکڕای دانیشتوانی ئەو وەڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، بەڕادەیێکە کە دڵی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست دەتەزێنێ. وەك ئەو کوشتارەی ئەتاتورك لە کوردەکانی ژێردەسەڵاتی تورکیەی کرد کە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس لەو کوردانەی کە پشتیوانیان لێ کردبوو لە شەڕ لەگەڵ هێرشبەرانی ئورووپاییدا بە تۆپ بارانو هەموو جۆرە چەکێك لەناوبرد. هەروەها لەعێراقدا وێرانکردنی دەیان شار و دێی کوردستان و کارەساتی دڵتەزێنی ئەنفال کە تیایدا نزیکەی نزیکی ٢٠٠ هەزار کورد بێسەروشوێن کراو شاری هەڵەبجەو چەند گوند لەلایەن رژیمی

پێشووی عێراقەوە کیمیاباران کراو پێنج هەزار کەس تیایدا لەناو چوون. کارەساتی ئەنفالی هاوەڵاتیانی کورد لە لایەن رژیمی بەعسی عێراقو کوژرانو بێ سەرو شوێن بوونی هەزاران کورد و کیمیابارانی شاری هەڵەبجەو خنکاندنی ٥٠٠٠ ژنو منالو پیرولاوی ئەوشارە نمونەی درندەییو بێبەزەیی دەسەڵاتە دژبە کوردەکانە. لەئێرانیشدا ویران کردنو کاولکردنی شارو دێ کانو قەتلو عامی هاونیشتمانانی کورد لە نەغەدەو قارنەو قەڵاتانو سۆفیانو ووسوکەندو ساروقامیشو ئێعدامی بەکۆمەڵو بێ بەزەییانەی پیرولاوی کورد بە دەستووری خومەینیو قازیە بەناو شەرعەکانیو ئێعدامی زیاتر لە ٣٠٠٠٠ لاوی شورشگێری ئێرانیو کورد لەماوەی نزیك بە مانگێك لەساڵی ١٣٦٧ی کۆچی خۆری، تەنیا بە تاوانی بوونی پێوەندی بە هێزە شۆرشگێرەکان یان لەبەر رازی نەبوون بەشێوەی دەسەڵاتداریی ئاخوندی، ترۆری دەیان تێکۆشەری سیاسیو فەرهەنگیو نووسەرو رووناکبیر، لەناوخۆو دەرەوەی ئێران، بەدەستی بەکرێگیراوانی رژیمی ئاخوندیی دەسەڵاتداری ئێران، ئەوانەو دەیان نموونەو بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر ستەمگەریو ملهوریی داگیرکەرانو دەسەڵاتە نامەشروعەکان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو راستیەی کە خەباتی جەماوەری کورد بۆ وەدەست هێنانی مافە بنچینەییەکانی، خەباتێکی رەواو مەشروعە.

بەپێی گشت قانوونو بەرنامە ئایینیو غەیرە ئایینیەکانیش راپەرینو خەبات کردن لە بەرانبەر ستەمگەرانو زاڵماندا، ئەرکێکی رەواو رێگەپێدراوەو بەپێی چەندین ئایەتو دەستووری ئیسلامی پیرۆز راوەستان لەبەرانبەر زاڵمو تەعەداکار، ئەرکێکی پێویستە و نەتەوەکان و مرۆڤەکان هان دراون بۆ رزگاربوونیان لەدەست ستەم، خەبات بکەنو رێگە نەدەن زوڵمیان لێ بکرێ.

٢ـ گەلی کورد کە گەلێکی خاوەن مێژووی چەند هەزار ساڵەیە و لە نیشتمانی خۆیدا ژیاوە، مافی رەوای خۆیەتی بۆ دەستەبەر کرانی مافو ئازادیەکانی تێبکۆشێو لەو پێناوەشدا هەموو تواناو رێگە درووستو رەواکان بۆ خەبات کردن تا هاتنە دیی ئامانجەکانی بەکار بێنێ.

بەتایبەت دەبێ بەهەوڵی سیاسیو تەبلیغات سەرنجی رای گشتیی جیهانیو دەوڵەتو دەسەڵاتە خاوەن هێزەکانو ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان راکێشێ بۆ پشتیوانی لە خەباتی رەوای خۆی.

٣ـ گەلی کورد حەقی خۆیەتی وەك نەتەوەیێکی مێژوویيو خاوەن توانا، دەوری لە بەرێوەبردنو ئیدارەکردنی ئێراندا هەبێو هەروەها دەسەڵاتداریی بەسەر نیشتمانی خۆیدا بەخۆی بێو دەبێ دەسەڵاتداری ناوەندیی لەتاران، لەجیات سەرکوتی کوردو داگیرکردنی کوردستانو مۆڵدانی هێزی سەربازی، هاوکاریی کورد بکا بۆ ئەوەی نیشتمانیان گەشە پێ بدەن لە هەموو بارێکەوە.

٤ـ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لەدوای ئەوەی هەستی بە ژێردەستی کرد، خەباتو تێکۆشانی بێووچانی درێژە پێداوە. لە شۆرشی گەلانی ئێران دژبە رژیمی شایەتی لەساڵی ١٣٥٧ی کۆچی خۆریدا، تێکرای خاوەن باوەران بە ئازادیو مافی نەتەوەییو بەئیسلامی پیرۆز لەو شۆرشەدا بەشدار بوونو گەلی

کوردیش دەورێکی کاریگەرو سەرەکیی هەبوو لە سەرکەوتن و رامالّینی پێگەی دەسەلاّتی پەهلەوی لەکوردستاندا.

ئەو خەبات و راپەڕینە یەکگرتووەی خەلّکی ئێران بە کوردو فارس و تورك و عەرەب و بلوچ و لوڕو باقی قەوم و دین و مەزهەب و بیروبۆچوونەکان بەو ئامانجە بوو کە ئیتر بە یەکجاریی کۆتایی بە ستەم و بێ عەدالّەتی دێ و هەموو نەتەوەکان هەموو کەسێك لە ئێراندا بە مافە رەواکانیان دەگەن.

٥- لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی دژی شایەتی، دەسەلاّتداریی نوێی ئاخوندەکان، لەدوای چەند مانگ، هیواو ئاواتەکانی خەلّکیان، بە گرتنەبەری ستەم و بێ عەدالّەتی بەشێوەیێکی بەرینترو بێ بەزەییانەتر لە رابردوو، لەژێرناوی پیرۆزی ئیسلامدا بە یەکجاریی رووخاندو لەجیات خۆشی و شادی، غەم و پەژارەیان بۆخەلّکی سەرانسەری ئێران هێنایەوە.

٦- لەدوای بەفیڕۆدانی بەرهەمی راپەڕینی ١٣٥٧ی خەلّکی ئێران لەلایەن خومەینی و هاوکارانیەوەو هێنانە مەیدانی دەسەلاّتێکی تاکڕەوانەو غەیرە دیموکراتیك و نامەشروع، خەلّکی ئێران و بەتایبەت خەلّکی کوردستان بۆئەوەی بەری رەنج و خوێنی شەهیدان لە فەوتان و لەناوچوون رزگار بکەن کەوتنە خۆ، هەر بەو مەبەستەش لە سەرانسەری ئێران و لەکوردستان لەسالّی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری بەدواوە، جەماوەر بە رێپێوان و ئیعتڕاز، بێزارییان لە دەسەلاّتی نوێ ئاشکرا کرد. بەلاّم بەداخەوە دەسەلاّتدارانی نوێ لەجیات وەلاّمی بەلّێ بۆ داوای جەماوەری راپەڕیوو بێزار لەستەم، بەتەواوی هێزو بەبێ رەحمی کەوتنە گیان خەلّك و سەرکوتی خەلّکیان دەست پێکردو میتینگ و تەزاهورات و کۆبوونەوەی جەماوەریی خەلّکیان دایە بەر پەلامارو هەزاران کەسیان راپێچی زیندان و چالّەڕەشەکان کردو دەیان رۆلّەی تێکۆشەریان لەژێر شکەنجەدا شەهید کردو سەرلەنوێ زیندانە چۆلّ کراوەکانیان بە رۆلّە خاوەن ئیمان و ئازادیخوازەکان، ئاوەدان کردەوە.

٧- گەلی چەوساوەی کورد لەکوردستانی ئێراندا کە ئومێدواربوو بە رووخانی رژیمی پەهلەوی، دوایی بە رەنج و مەینەتی دەیان سالّەی بێ، زۆری پێ نەچوو، شایەدی ستەمێکی تاقەت پڕوکێنترو دڕندانەتر بووەوە. ئەمجار خومەینی بە فەرمانی جیهاد لەدژی خەلّکی کورد، پاسدار و باقی هێزە سەرکوتگەرەکانی رەوانەی کوردستان کردو خەلّخالّی ی قازی بەناو شەرع و جەللادی بە حوکمێك رەوانەی کوردستان کرد، تا چۆنی پێی خۆش بێ و چەندەی حەزی لێ بێ دڕندانە لاوو پیری کوردستان بنێرێتە مەیدانەکانی گوللەباران و مەرگ. خەلّخالّی لەماوەی چەند رۆژدا، دەیان لاوو پیری کوردستانی لە شارەکانی بۆکان و سەقزو مەریوان و سنە بە شەهادەت گەیاندو بەو جینایەتەی لاپەڕەیێکی رەش و قێزەونی بۆ دەسەلاّتداریی ئاخوندەکان تۆمار کرد، کە تا ژیان دەمێنێ، لەبیر کوردو ئازادیخوازان ناچێتەوە.

هێرشی پاسدارە بەکرێگیراوەکان بۆ سەر کوردستان و سوتاندن و وێران کردنی چەندین شارو دێی کوردستان و هەڕەشەکردن و کوشتن و زیندانی کردنی لاوەکان و کەسایەتیە ئازادیخوازەکان، جەماوەری کوردستانی ناچار کرد بۆ دیفاع لەخۆیان و پارێزگاری لە نیشتمانیان، دەست بدەنە خەبات و بەربەرەکانی لەبەرانبەر رژیمی دەسەلاّتداری حەق نەبیست و دواکەوتووی ویلایەتی فەقیە. بەرگری و دیفاع کردنی

جەماوەری کوردستان‌و هێزە تێکۆشەرو ئازادیخوازەکان تا ئێستاش درێژەی هەیەو خەباتی جەماوەری کوردستانیش لەم ساڵانەی دواییدا گەلێك بەرچاوترو پەرەگرتووتر بووە لە ساڵانی رابردوو.

٨- لەدوای هێرشی پاسدارو ئەرتەشی بەکرێگیراو بۆسەر کوردستان‌و کوشت‌وبڕی خەڵکی کوردستان بەناوی دژی ئینقلاب‌و دژی ئیسلام، بڕیاری جەماوەری کوردستان بۆ دیفاع لە نیشتمان‌و تێکۆشان بۆ هاتنە دیی ئامانجە رەواکان‌و ئازادی، ژمارەیێك لە مامۆستایانی ئایینی‌و کەسایەتیە تێکۆشەرەکانی کوردستان کە پێشتر لەژێر ناوی دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین دا چالاکیی سیاسی‌و نیزامیان ئەنجام ئەدا، بیریان لە پێك هێنانی رێکخراوێکی سیاسیی نەتەوەیی‌و ئیسلامی کردەوە کە بە بۆچوونێکی جیاواز لە رێبازی هێزو لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی موبارزە بێتە مەیدان‌و پەرچەمدارو پێشڕەوی ئەو جەماوەرە بێ کە خاوەنی بیرێکی نەتەوەیی‌و ئیسلامین، هەربۆیە لە ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢١ی ژوئیەی ١٩٨٠ی زایینی، پێکهاتنی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی‌و ئیسلامیی کوردستانی ئێران (خەبات)یان راگەیاند.

٩- بە راگەیاندنی سازمانی خەبات خاوەن بیرانی ئەو رێبازەو بەشێکی بەرچاو لە جەماوەری کوردستان دڵخۆش‌و هیواداربوون‌و هەر بەزوویی پێشوازی گەرم لە سازمانی خەبات کرا. لە چەندین شارو ناوچە لە باکوور تا باشووری کوردستانی ئێران بنکەو رێکخراوەکانی سازمان داندران‌و کادرو پێشمەرگەکان هەڵسووڕانی سیاسی‌و تەشکیلاتی‌و تەبلیغی‌و عەمەلیات‌و چالاکیی جەنگیان لە بەرانبەر هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندیدا دەست پێکرد. بەڵام بەداخەوە بەهۆی خۆپەرستی‌و خۆبینی و پاوانخوازی و نا دیموکرات بوونی چەند لایەنێکی کوردستان‌و زۆرهێنانی بەردەوام بۆسەر کادرو پێشمەرگەکانی سازمان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، سازمانی خەبات نەیتوانی وەك پێویست ئەرك‌و کارە تەبلیغی‌و تەشکیلاتیەکانی ئەنجام بداو ناچار دەبوو بۆ دیفاع لەخۆی‌و پارێزگاری لە سیاسەت‌و هەڵوێستی بێ لایەنانەو سەربەخۆی لە هێندێك ناوچەی کوردستان بە نهێنی هەڵسووڕێ. لەلایێکی دیکەوە رژیمی ئاخوندی‌و بەکرێگیراوانی، لەبوونی سازمان‌و هێزێکی شۆڕشگێڕو خاوەن ئیمان‌و جەماوەریی، نیگەران بوون، بۆیە پیلانی جۆراوجۆریان لەدژی سازمان داڕشت‌و بەداخەوە ژمارەیێك ئەفرادی سەرووەرژیم توانیبوویان لە ریزی سازماندا خۆیان حەشار بدەن، کە سەرەنجام خەیانەتی ئەوکەسانە بووە هۆی زەربەدان لەسازمانی خەبات‌و جیابوونەوەی دەستەیێك لە ئەندامانی سازمان لە ٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٦ی کۆچی خۆریدا.

١٠- سەرەڕای بوونی ئەو گشتە زۆرهێنان‌و کۆسپ پێك هێنانە بەخۆشیەوە سازمانی خەبات توانیی بەرەو پێش چوون‌و سەربەخۆیی تەشکیلاتی‌و سیاسی خۆی بپارێزی‌و لەماوەی نزیك بە ٢٧ ساڵ مەوجوودیەتی لە مەیدانی خەباتدا، ئەرکە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانی بەڕاستی‌و پاکی و دوور لە هەر جۆرە خەیانەت‌و هەڵەیێك بەجێ بێنێ. سازمانی خەبات زوو واقعییەت‌و ماهییەتی رژیمی ناسی‌و درووشمی رووخانی رژیم یەکێك لە دروشمەکانی بووە لە تەمەنی موبارەزەیدا.

١١- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەماوەی ٢٦ ساڵ تەمەنیدا دوو کۆنگرەی بەستووە. ئێستاش سێهەمین کۆنگرەی بەناوی (کۆنگرەی پێشکەوتن) دەگرێ، کە لەو کۆنگرەدا، مەسەلە چارەنووس سازەکان‌و هەل‌ومەرجی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کوردو گەلانی ئێران، بەپێی وەزعی سیاسیی ئێران و وەزعی سیاسیی جیهانی‌و هاتنی هێزە فرەڕەگەزەکان بۆ عێراق‌و ئازادیی ئەو وەڵاتە بەدەستی هێزە جیهانیەکان‌و حزووریان لە سنوورەکانی ئێران‌و جێگیر بوونیان لە ئەفغانستان‌و عێراق‌و گەڵاڵە ئەتۆمیە مەترسیدارەکانی ڕژیمی ئاخوندی کە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی جەنگێکی نوێ لەدژی ئەو ڕژیمە دادەڕێژێ.

١٢- کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بە هەست کردن بە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان‌و لێکدانەوەی درووست‌و بە چاوخشاندن بە کارو چالاکیەکانی سازمان لە سالانی رابردوودا، بڕیاری بەجێ‌و شیاو لەسەر ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پەسند دەکا.

١٣- کۆنگرەی سێهەم بڕیاریدا ناوی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی‌و ئیسلامیی کوردستانی ئێران (خەبات) بگۆڕێ بە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.

# بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەم

# سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## ئامانجە گشتیەکان:

١ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پشتیوانی دەکا لە حکوومەتێکی هەڵبژێردراوو دیموکراتیک و پارلمانی لەئێراندا، کە مافی هەموو نەتەوەو ئایینو مەزهەبو رەگەزەکان بپارێزێ.

٢ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دەستەبەرکرانی فیدراڵی بۆ کوردستان، بە شیاوو پەسند دەزانێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئێران لە چەند نەتەوەو ئایینو مەزهەبی جیاجیا پێك هاتووە، پێی وایە باسی فیدراڵی کاتێك دەکرێو دەچەسپێ کە رازی بوونێکی سەرانسەری لەسەر بێ، هەربۆیە سازمانی خەبات باوەڕی وایە گەلی کورد دەبێ بە مافی خودموختاری لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیكو ئازاددا بگا.

٣ـ سازمانی خەباتی کوردستان، باوەڕی وایە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەبێ وەك سەرچاوەیێکی سەرەکی بۆ قانوون دانان کەڵکی لێ وەرگیرێو هەوڵ بدرێ ناوەندە ئیسلامیەکانو مزگەوت مەدرەسەو فێرگە ئیسلامیەکان، بە شێوەی پێشکەوتوانەو سەردەمیانەو دوور لە هەر نەوعە بیرێکی توندرەوی کە دژبە ئیسلام و زیانبار بۆئیسلامو مرۆڤایەتی یە، هاوکاری بکرێنو ببوژێنەوەو دەوڵەت بیانخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.

٤ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران باوەڕی بە هاوکاریو تەبایی لەنێوان هێزە کوردستانیەکان وەك ئەرکێکی سەرەکیی خەبات کردن هەیەو لەو پێوەندیەشدا، ئامادەیە بۆ پێك هێنانی هەرشێوە بەرەو هاوکاریو تەبایێك کە دەبێتە هۆی رووخانی رژیمی ئاخوندیو دەستەبەرکرانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا.

٥ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هاوکاریو نزیك بوونەوە لە هێزە سەرانسەریە شۆڕشگێڕە ئێرانیەکانی پێ کارێکی پەسەندو بەکەڵکە، بۆ ئەوەی لەدوای رووخانی رژیمی دەسەڵاتداری ئاخوندی بە هاوکاریی هەمەلایەنە لەئێرانێکی ئازادو پێشکەوتوودا، دامەزراوییو پێشکەوتنو زانستو سەنعەت لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی دیموکراتیکدا جێگیربێو ئەو نزیکیو تەباییەش ببێتە زامنێك بۆ کۆتایی هاتنی شەڕو نابەرانبەریو دابین کردنی یەکسانیو گەیشتنی نەتەوەو ئایین و مەزهەب و چینەکان بەمافی رەواو شیاو.

٦ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لە هەوڵو تێکۆشان و خەباتی باقی گەلانی ئێران دەکا بۆ گەیشتن بەمافەکانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازادو دیموکراتیك بە بێ دەست تێوەردانی دەرەوە.

٧ــ سـازمانی خـەباتی کوردسـتانی ئێـران پـشتیوانی جیهـانیو ناوەنـدەکانی مـاف مرۆڤــو ڕێکخـراوە بەشەردۆستەکان لـە مـافو ئازادیـەکان بـۆ خـەڵکی کوردسـتان بـەکارێکی شـیاوو پەسـند دەزانـێو لـەو پێوەندیەشدا ئامادەیە هاوکاری پێویست لەگەڵ تێکڕای ڕێکخراوو ناوەندە جیهانیەکان بکا.

٨ــ سـازمانی خـەباتی کوردسـتانی ئێـران ڕەگەزپەرسـتیو جیـاوازیی ڕەگەزایـەتیو ئـاینییو مەزهـەبی، مەحکووم دەکاو بە دوور لە دەستووراتی ئیسلامو قانوونو بیروڕا پەسندەکانی جیهانی دەزانێ.

٩ــ ئافرەتـان لـە ئێـرانو کوردسـتاندا بـە بـەردەوامی دەچەوسـێنەوە بەتایبـەت لـەماوەی دەسـەڵاتی ئاخوندەکاندا، ئافرەت وەك کالایێك چاوی لێ دەکرێو ڕێزی بۆ دانادرێو بێڕەحمییان لەبەرانبەردا دەکرێ، بۆیە سازمانی خەبات یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی، هاوکاریو پشتیوانیی ئافرەتانە بۆ ڕزگاربوونیان لەدست ستەمو چەوسانەوەو باوەڕی وایە دەبێ ئافرەتان بەگەرمی لەهـەوڵی گەیشتنیان بـە ئـازادیو مـاف بەرانبـەر لەگەڵ پیاودابنو زانستو خوێندنو گەشەسەندن بکەنە بەردی بناغەی کارو ژیانیان.

١٠ـ سازمانی خەبات دابین کردنی دیموکراسی، پێبەندبوون بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و پاراسـتنی ژینگـەی کوردستان بەگشت لق و بەشـەکانیەوە بـە گـرینگ دەزانـێ و پێـی وایـە دەبـێ حکومـەتی کوردسـتان لەبەر چاویان بگرێ. هەروەها سازمانی خەبات باوەڕی بە ئازادی چاپەمەنی و ڕاگەیانـدن و بڵاو کردنـەوە هەیـە و پشتیوانی سەندیکا و دامەزراوە مەدەنیەکان دەکا و دژی شکەنجە و ئازاردانی مرۆڤە.

١١ـ گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخوازەو سازمانی خەبات بـاوەڕی وایـە ئـازادیو مافـە نەتەوەییـەکانی کـورد بەبێ هەر نەوعە توندوتیژیو لەڕێگەی وتووێژو دانیشتنەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ڕژێمی ویلایەتی فەقیە لـە بەرانبەر داوا ڕەواکانی گەلی کورددا، زمانی شەڕو سەرکوتی خستۆتەکارو گـەلی کـوردی ناچـار کـردووە بـۆ دیفاع لەخۆی دەست بداتە خەباتو تێکۆشان، هەربۆیە سازمانی خـەبات بـاوەڕی وایـە دەسـەڵاتی ویلایـەتی فەقیە، دەسەڵاتێکی نامەشروعەو پێی وایە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندی جگە لە زیان بۆ جووڵانـەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد کەڵکی نیە، هەربۆیە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتداریی ویلایەتی فەقیـە ڕەد دەکاتـەوە و لەگەڵ خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی، خەباتی چەکداری بە پاڵپشتی جوڵانەوەی گەلەکەمان دەزانێ.

١٢ـ سنووروو ناوچەکانی کوردستان بەپێی بەڵگە مێژووییەکان دەبێ دیاری بکـرێ و هـەر شـار و ناوچـەیێك پرس و کێشەی خاوەنداری لەسەرە، دەبێ بە ڕاپرسی گشتی لە جەماوەری ئەو شار و ناوچەیە چارەنووسـی دیاری بکرێ کە سەر بە کوردستانە یان نا.

## بەڕێوەبردنو شێوەی کاروباری دەوڵەت:

١ـ کاروباری پێوەند بەسیاسەتی دەرەوەو ئەرتەشو هێزی پارێزگاری لە سنوورەکانو سیـستمی پـووڵیو دامەزراندنی گەڵاڵەو پڕۆژەی درێژماوە بەدەست دەسەڵاتی ناوەندیەوەیە. لە هـەرکام لـەو گەڵاڵـەو پڕۆژانـەدا کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە گەلی کوردەوە بێ، دەبێ ڕازی بوونی پارلـەمانی کوردسـتان وەرگـیرێ، یـان لـە ڕاپرسیی گشتیدا جەماوەر دەنگ بە بوون یان نەبوونی هەر پڕۆژەیێك بدا.

٢ـ كاروباری بەڕێوەبردنی کوردستان، وەك قانوون دانان و دادوەری و فێرکردن و بارهێنان و فەرهەنگی و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان لە ئەستۆی حکوومەتی کوردستانە.

٣ـ ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان لەئەستۆی پۆلیس و پێشمەرگەی کوردستانەو پاراستنی سنوورە گشتیەکان بەهێزی سەربازیەو لەژێر دەستی دەسەڵاتی ناوەنددا دەبێ.

٤ـ هاتن و راگواستنی هێزە سەربازیەکانی حکوومەتی ناوەندی (مەرکەزی) لە کۆماری کوردستاندادەبێ بە ئاگاداری و لەژێر چاودێریی دەوڵەتی کوردستان و بەرەزامەندیی پارلەمانی کوردستان بێ.

٥ـ پارلەمانی کوردستان کە لەلایەن خەڵکەوە بە نهێنی هەڵدەبژێردرێ و نوێنەری هەموو چین و باوەڕەکانی تێدایە، بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی کوردستانەو بەرپرسە لە دیاری کردنی حکوومەت و چاوەدێری و لێپرسینەوە لە حکوومەت. دەوڵەتی ناوەندیی ماف نیە دەست لەکاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدا، چ لە دیاریکردنی بەرپرس و بەڕێوەبەرداو چ لەپێوەند بە ئیدارە کردندا، دەبێ حکوومەتی ناوەندیی رێز بۆ بڕیاری جەماوەری کوردستان و پارلمانی کوردستان دابنێ.

٦ـ ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە ١٧ ساڵ ماف دەنگدانیان هەیەو ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە ٢٥ساڵ ماف خۆپاڵاوتنیان بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی و چوون بۆ پارلەمان هەیەو دەبێ ئەوانەی خۆیان دەپاڵێون، شارەزاو خوێندەوار و دڕووستکارو خزمەتکاری گەل بن.

٧ـ کەمایەسیە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی کوردستاندا ماف بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی وەڵات و بوونی ئەندام لە پارلمانی کوردستاندا هەیەو دەبێ حکوومەتی کوردستان بە چاوی رێزلە کەمایەسیە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان بڕوانێ و مافەکانیان بە رەسمی بناسێ.

٨ـ ژن و پیاو لە یاسای هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ پارلمان، یەکسانن و جیاوازییان نیە.

٩ـ خوێندنی سەرەتایی ئیجباریەو دەوڵەتی کوردستان دەبێ هاوکاریی خوێندکاران بکا، تا کۆتایی هاتنی خوێندنی دواناوەندی (دەبیرستان).

١٠ـ زمانی رەسمیی حکوومەتی کوردستان لە هەموو ئیدارەو ئۆرگانەکانی دەوڵەتیدا، کوردییە. زمانی فارسی هەروەها زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەبێ لە مەدرەسەو ناوەندەکانی خوێندندا بخوێندرێ.

١١ـ دانیشتوانی کوردستان لە دیاریکردنی شوێنی ژیان سەربەستن و لە هەڵبژاردنی کارو ئەرکی رۆژانەیان ئازادن بە مەرجێك زیان بە مەسڵەحەت و قازانجە نەتەوەییەکان نەگەیێنێ.

## ئامانجە ئابووریەکان:

١ـ ئێران لەباری ئابووریەوە، دوورە لەو بەرنامە ئابووریەی کە لەوەڵاتانی گەشەسەندووی جیهاندا هەیەوپەیرەو دەکرێ.

وەڵاتی ئێران لەپێوەند بە سامانە سرووشتیەکانی وەك نەوت و گاز و ئاو، دەوڵەمەندە بەڵام ئەو سامانانە وەك پێویست و بەشێوەی زانستی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و ئەوەندەی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، لەخزمەت قازانجە گشتیەکانی جەماوەردا نین و داهاتەکان بۆ کاری ناپێویست بە دزی و کڕینی چەك و تەقەمەنی و

بەرهەم هێنانی بۆمبی ئەتۆمیو چەکی قەدەغەکراو پشتیوانی ترۆریزم و ئاژاوەگێڕی لە وڵاتانی دیکە بەفیڕۆ دەدا. دەوڵەتی هەڵبژێردراو لەئێران دەبێ داهاتی نەوتو گازو باقی سەرچاوە سرووشتیەکان بۆ خزمەتی جەماوەر بەکار بێنیّو دامەزراوەو کارخانەی جۆراوجۆری پیشەسازی لە سەرانسەری ئێرانداو بەبێ جیاوازی دامەزرێنیّ.

٢- زەویو پانتاییەکان بە جووتیاران دەدریّو دەوڵەت لەسەریەتی یارمەتیو هاوکاریی جووتیاران بکا، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەی زانستیانە بەروبوومەکانیان بەرهەم بێنن. سەرچاوە سرووشتیەکانی وەك: ئاو، لەوەڕگە، لێڕەوار، هەوارگەکان، سامانی گشتیو دەبێ سوودیان بۆ تێکڕای جەماوەر بیّو هیچ دەستەو لایەنێك مافی نیە بەبیانووی خاوەنداریەتی دەستیان بەسەردا بگریّ.

٣- جەماوەری کوردستان لە هەژاریدا دەژین، ئەرکی حکوومەتی کوردستانە کە هەوڵ بۆ خۆشتر کردنی ژیانی جەماوەری کوردستان بدات، دەبێ حکوومەتی ناوەندیش لەو پێوەندیەدا بودجەو پووڵی پێویست بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانەکانو لاچوونی هەژاریو برسیەتی لە کوردستان تەرخان بکا. هەروەها حکوومەتی کوردستان دەبێ هاوکاریی سەرمایەدارانی کوردستان بکات تا بتوانن بەئاسانی دامەزراوەی ئابووریو پیشەسازی لە کوردستان دامەزرێنن بۆ ئەوەی ئابووریی کوردستان گەشە بکا.

٤- حکوومەتی کوردستان بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ پێویستە بە هەموو شێوەیێك یارمەتیی جووتیاران بداو قەرزیان بداتێ تا ئامێری کشتوکاڵی پێ دابین بکەن. هەروەها حکوومەتی کوردستان دەبێ بەرهەمەکانی جووتیاران بەنرخی باش بکڕێتەوەو ئەندازیارو شارەزاو پسپۆڕی کەشاوەرزیو ئاژەڵداری بەخۆڕایی بۆ چاوەدێری کشتوکاڵو باغەکانو ئاژەڵەکان راسپێریّ. دەبێ کەشاوەرزانو باغدارانو ئاژەڵداران باربێنیّ بۆ ئەوەی بەشێوە زانستیەکان کاری کشتوکاڵو باغەوانیو ئاژەڵداری بکەن. دەرمان رشتنو کوتانو چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانیش لەئەستۆی حکوومەتی کوردستانەو هەروەها لە ویشکەساڵیدا هاوکاریی ئاژەڵداران بکریّو جۆو لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکان بەنرخی کەم لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دابین بکریّ.

٥- بۆ بووژانەوەی بژیوی هەژارانی کوردستان ساڵانە بودجەیێك دیاری بکریّو ئەو بودجە لەلایەن دەوڵەتی کوردستانو بەچاودێری پارڵمان بەشێوەی پێویست دابەش بکریّ.

## ئامانجە فەرهەنگیەکان:

١ــ پێویستە حکوومەتی کوردستان بۆ زیندووکردنەوەی شوێنەوارە مێژووییو فەرهەنگیەکانو بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری لەکوردستان، هەنگاوی کاریگەر هەڵگریّو هاوکاریو یارمەتیی پێویست بۆ نووسەرانو هونەرمەندان تەرخان بکریّو ناوەندی جیاجیایان بۆ دامەزرێنیّو گرینگی بدات بە کتێبو نووسراوەکانو رۆژنامەنووسانو بەرهەمەکانیان. ئازادیی رۆژنامەوانی ئەرکێکی گرینگی سەرشانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەو دەبێ بەرهەمی هونەرمەندان بەهێند بگریّو هەوڵ بدریّ سینەما و شانۆ لە کوردستان

گەشە بستێنێ‌و یارمەتیی بەرهەم هێنەرانی سینەمایی‌و تەلەفزیۆنی بدرێ تا سەربەستانەو بەبێ کەموکوڕی ئەرکەکانیان کە بۆ خزمەتی فەرهەنگی نەتەوەییە، بەرەوپێش بەرن.

٢ـ پێویستە دانشگاو ناوەندەکانی زانستی‌و خوێندن لەکوردستان گرینگییان پێ‌بدرێ‌و ئوستادانی دانشگاو معلم‌و مامۆستایانی مەدرەسەکان، حقووقی شیاوو مانگانەی تەواویان بدرێتێ. هەر وەها حکوومەتی کوردستان هاوکاری خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستان بکا بۆ فێربوونی زمانی کوردی. دانشگاکان‌و مەدرەسەکان، زانست‌و عیلمی سەردەمیانەیان تێدا بخوێندرێ‌و هەموو مەدرەسەو دانشگاکان، تێکڕای کەل‌وپەل‌و پێداویستیەکانیانی وەك کتێبخانە و کۆمپیوتێرو ژووری تاقیکردنەوەو ژووری میکانیکی‌و پیشەسازی تێدا دامەزرێندرێ‌و رێگە نەدرێ لە مەدرەسەو دانشگا بێ رێزی بە مامۆستاو خوێندکارو قوتابی بکرێ. هەر وەها حکوومەتی کوردستان یارمەتی دانشجویەکان بدات بۆ خوێندن لە دەرەوەی وەڵات.

٣ـ پێویستە حکوومەتی کوردستان هاوکاریی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام بکاو یارمەتیی مەدرەسە دینیەکان بداو چاودێریی ئەو ناوەندە دینییانە بکا. موچە و کۆمەگی شیاو بۆ مامۆستایانی ئایینیی کوردستان تەرخان بکرێ. هەروەها دەبێ رێز بۆ ناوەندەکان‌و شوێنە پیرۆزەکانی ئایین‌و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان داندرێ‌و حکوومەتی کوردستان چاودێری‌و هاوکارییان بکا.

## کاروباری تەندرووستی‌و کۆمەڵایەتی:

١ـ حکوومەتی کوردستان دەبێ لە دامەزراندنی نەخۆشخانەو دەرمانگا، لە شارو دێیەکانی کوردستان کەمتەرخەمی نەکاو دەبێ تیمارکردن‌و پێڕاگەیشتن بە نەخۆش‌و دەردەدارەکان بە نرخێکی زۆر کەم بێ‌و بۆ هەژاران‌و کەم داهاتان‌و خوێندکاران بەخۆڕایی بێ.

٢ـ جادەو رێگەوبان لەکوردستان خراپە، حکوومەتی کوردستان دەبێ بۆ درووست کردنی جادەو رێگەوبان بەشێوەی سەردەمیانە هەنگاوی پێویست‌و بەپەلە هەلگرێ‌و بودجەو پووڵی پێویست بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێ.

٣ـ ناوەندەکانی وەرزش و پارك و شوێنی سەوزەڵان لەزۆربەی شارەکانی کوردستان کەمن، حکومەتی کوردستان دەبێ لە داهاتوودا لەهەوڵی پەرەپێدانیان بێ و هاوکاری وەرزشکاران بکا.

## سیاسەتی دەرەوە:

الف ـ حکوومەتی ناوەندی لەئێران دەبێ لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سیاسەتی درووست‌و بێ لایەنانەی هەبێ. هەوڵ بۆ ئاشتیی جیهانی بداو سەربەستیی سیاسی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی‌و نیزامی هەبێ. پەیرەوی سیاسەتی رێزگرتنی بەرانبەر بێ‌و قازانجە نەتەوەییەکان لەبەرچاو بگرێ.

ب ـ ئێران دەبێ دەست لە کاروباری وەڵاتان وەرنەدات‌و خۆی لەکێشە ناوچەیی‌و جیهانیەکان دوور راگرێ‌و پەنای مرۆڤە سیاسی‌و لێقەوماوەکان بدات.

ج ـ حکوومەتی کوردستان مافی خۆیەتی یارمەتیی خوشك‌و براکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بداو پەنای سیاسییان لە ئێران‌و کوردستان بۆ دەستەبەر کاو بەپێی تواناو بەبێ دەست تێوەردان بۆ

رزگارییـان لەدەسـت سـتەمو چەوسـاندنەوە هاوکارییـان بکـاو دەوڵـەتی ناوەنـدیش پـشتگیری لـە خـەباتی سیاسیو ئازادیخوازیی کوردو هەر نەتەوەییەکی مافخوازی دیکە بکا.

د ـ چاك وایە دیپلۆماتە کوردەکان لە سـەفارەتو ناوەنـدەکانی دیپلۆماسـیی ئێـران لـە وەڵاتـانی جیهـانو نەتەوەیەکگرتووەکان وەك ئەندامی نوێنەرایەتی بەشـدار بکـرێنو لـە هەڵومـەرجی سیاسـیەتی دەرەوییـشدا حکوومەتی کوردستان ئاگاداریی هەبێ.

# بەشی دووهەم:
# پەیرەوی ناوخۆیی پەسند کراوی کۆنگرەی سێهەم
# سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

**بەندی یەکەم:**

١ـ ناو: سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢ـ دانیشتوانی کوردستان بەو مەرجانەی لە بەندی دووهەمدا باسیان دەکرێ، دەتوانن لە سازمانی خەباتدا ببن بە ئەندام.

٣ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەسەر باوەڕ بە ئازادی بۆ گەلی کورد، تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی درێژە پێ دەدا تا گەیشتن بە مافی ڕەوا.

**بەندی دووهەم:**

١ـ هەموو کوردێکی دانیشتووی ئێران کە تەمەنیان لە ١٧ ساڵ کەمتر نەبێ، دەتوانن ببنە ئەندام بەو مەرجانەی خوارەوە.

الف ـ باوەڕی بە بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆیی سازمان هەبێ.

ب ـ تێکۆشان و چالاکی لە یەکێك لە شانەکانی سازمانی خەباتدا هەبێ.

ج ـ مانگانەی ئەندامەتی بدا.

د ـ دەست و دڵ پاك و شۆڕشگێڕ بێ و پێوەندیی بە دژمنانی گەلی کوردەوە نەبێ و دژایەتیی لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلام و باوەڕو قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەبێ.

هـ ـ خائین بەگەل و جاسووس و بەدناوو کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرست ناتوانن ببنە ئەندام لە سازمانی خەباتدا.

و ـ ئەوانەی شیاوی ئەندامەتین کاتێك دەتوانن بە ئەندام وەربگیرێن کە لەلایەن شانە یان ئەندامێکی لەمێژینەی سازمانەوە بناسێندرێن.

**بەندی سێهەم:**

**ئەرکەکانی ئەندام:**

١ ـ بەپێی پەیرەوی سازمان کاربکاو تێبکۆشێ.

٢ ـ نهێنی پارێز بێ لە هەر هەلومەرجێکدا.

٣ ـ سیاسەتی سازمان پەرە پێ بداو بیباتە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە.

٤ ـ هەوڵ بدا پلەی زانیاری بەرەوسەر بەرێ و بۆ بردنەسەری زانیاریی هاونیشتمانانی تێبکۆشێ.

٥ ـ ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بداتەوە بە ئۆرگانی سەرەوەتر.

**بەندی چوارەم:**

## مافەكانی ئەندام:

الف ـ هەر ئەندامێك مافی پرسیارو نەزەردان و رەخنەگرتنی لەبەرانبەر هەموو بەرپرس و ئۆرگانێكدا هەیە، لە رووبەڕوو حزووری.

ب ـ هەموو ئەندامێك دەتوانێ خۆی بپاڵێوێ لە هەڵبژاردنەكاندا و لە دەنگدانیشدا بەشدار بێ.

ج ـ دەبێ بۆ لێپرسینەوە لە سەرپێچیی هەر ئەندامێك دوای كۆبوونەوەی بەرپرسان بانگ بكرێ و قسەی لەگەڵ بكرێ و سزاكەی پێ راگەیێندرێ و گوێ لەداواكانیشی بگیرێ.

## بەندی پێنجەم:

## سزادانی ئەندام لە بێ نەزمیدا:

١ ـ سەركۆنە كردن و لێپرسینەوە لە هەڵەكان.

٢ ـ وەرگرتنەوەی بەرپرسایەتی.

٣ ـ هەڵ پەساردن و دوورخستنەوە بۆماوەی ٣ مانگ.

٤ ـ ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە كاریگەریی نەبوو، دەركردن لە سازمان.

## بەندی شەشەم:

## داڕشتنی قەوارەی رێكخراو:

الف ـ ئۆرگانەكان بەپێی هەڵبژاردن دەبێ لەخوارەوە بۆ سەرەوە كە مایەتی پەیرەوی زۆرینە دەكات.

ب ـ بۆ هەموو ئەندامێك نەزم و نیزام وەك یەكە و هەموویان دەبێ دسیپلین و ڕێوشوێنەكانی تەشكیلاتی بپارێزن.

ج ـ بڕیارەكانی سازمان بەدەنگی زۆرینەبێ و هیچ ئەندامێك بەتەنیا لەسەر مەسەلە چارەنووس سازو گرینگەكان بڕیار نادات.

## بەندی حەوتەم:

## ژمارەی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی سازمان:

## كۆنگرەی سێهەم:

رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی سازمان لانیكەم لە (٧) كەس و دوو موشاویر پێك دێ و بەرزترین ئۆرگانی بەڕێوەبەری سازمانە كە بەشێوەی كاتی كاری سازمان بەڕێوە دەبا و كاروباری سیاسی و نیزامی ئیداری و ماڵی و تەبلیغات و چاپەمەنی و باقی ئۆرگانەكانی دیكەی لەئەستۆیە، لانیكەم مانگێ جارێك كۆبوونەوە دەبەستێ و هەروەها شەش مانگ و لانی زۆری ساڵێك كۆنفرانس (پلۆنیۆم) دەبەستێ و سازمان هەر ٤ ساڵ جارێك كۆنگرە دەبەستێ ئەگەر هەل و مەرج موناسیب بوو. بەپێچەوانەوە سەركردایەتیی سازمان بەپێی پێویست و بە بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ كادرە پێشكەوتووەكان، بڕیار لەسەر كۆنگرە دەدا. سنوورێك بۆ كۆنگرە نیە و كۆنگرە دەتوانێ رێبازی سازمان و هەر نەوعە ئاڵوگۆڕێكی فیكری و تكنیكی لە سازماندا درووست بكا.

کۆمیتەی سەرکردایەتی، سکرتێری گشتی هەڵدەبژێرێ و ئەندامانی دەفتەری سیاسیش دیاری دەکا.

**بەندی هەشتەم:**

**چۆنیەتی رێکخراوو کۆمیتەکان:**

رەگەی رێکخراو شانەیە کە لە ٣ کەس کەمتر نیە. لەکۆی ٣ شانە رێکخراو، کۆمیتە پێك دێ و لەدوای چەند کۆمیتەی ناوچەیی، کۆمیتەی شارستان پێك دێت.

کۆمیتەکان بڕیارو راسپێردراوەکانی سەرکردایەتی سازمان دەبەنە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جێ بەجێی دەکەن. کۆمیتەی سەرکردایەتیی سازمان یارمەتی و ئەندامەتی مانگانەی ئەندام و لایەنگران لەگەڵ داهاتەکانی دیکەی سازمان بەشێوەی ئوسوولی، خەرجی سازمان و ئۆرگانەکانی دەکا و سەرپەرستی ئەو خەرجییانە و داهاتەکان دەکا.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بۆ رزگاریی کورد و دەستەبەرکرانی ئازادی لەسەر بیروباوەڕی تێکڕای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا تێ دەکۆشێ.

**تێ دەکۆشین بۆ:**

**رووخانی رژیمی ئاخوندیی ویلایەتی فەقیە و دامەزراندنی حکوومەتێکی هەڵبژێردراوو دیموکراتیك لەئێران و دەستەبەرکرانی مافە رەواکانی گەلی کورد.**

**تاستەمم لەسەرە رێی خەباتم لەبەرە**

# پەیامی کۆنگرەی سێهەم
# بۆ کەس و کاری شەهیدانی رێبازی سازمانی خەبات

**زیندانیانی سیاسی!**

**لاوانی شـۆڕشـــــــگێڕ !**

**هـــــــــاونیشتمانانی بەرێز!**

کونگرەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، سڵاوی گەرم و سپاسی بێ پایان بۆ زیندانیانی سیاسی، کەس‌وکاری شەهیدان، لاوانی شۆڕشگێڕ،و تێکڕای هاونیشتمانانی نیشتمان پەروەرو بەڕێز پێشکەش دەکاو پێیان ڕادەگەیێنێ بەخۆشیەوە کارەکانی کونگرە بەسەرکەوتوویی‌و یەکگرتوویی و بڕیاری پەسەندو شیاو درێژە پێ دەدەین.

بە ئاگاداری هەموو لایێك دەگەیێنین، سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەبەر مانەوە لەسەر رێبازی پیرۆزی کوردایەتی و هاوکاری و هاوبیری لەگەڵ هاونیشتمانان و دوور نەکەوتنەوە لە باوەڕیان درێژە بە ئەرك و کارەکانی دەدا و لە داهاتووشدا چالاکانەتر لە ڕابردوو لە کاروانی ئازادیخوازی دا تێدەکۆشێ.

بێگوومان گرتنی کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە هەل و مەرجێکی زۆر حەستەم و چارەنووس سازدا بەستراوە کە بڕیارەکان و ئاکامەکانیش بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە گرینگە و حەستەمانەدا، چارەنووس ساز دەبێ بۆ گەلی کورد و هاوڕێبازانی سازمانی خەبات و کەس و کاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی‌و لاوانی شۆڕشگێڕ. روونە بەردەوام بوونی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەسەر کارو چالاکیی شۆڕشگێڕانەو نیشتمانپەروەرانە، هۆیێکی گرینگ و بەرچاوە بۆ گەیشتن بە ئازادی‌و ئامانجە نیشتمانیەکان کە گرینگتریان رووخانی رژیمی ملهوڕی ئاخوندی و دەستەبەرکرانی مافەکانی گەلی کوردە.

جێگای خۆیەتی بە ناوی کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سپاس و قەدردانی بێ پایان پێشکەش بەخەڵکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری شاری پیرانشار بکەین کە لە رۆژی یەکەمی بەستنی کۆنگرەی سێهەم دا لە بەرانبەر هێزە بەکرێگیراوانی دەسەڵاتی ئاخونديدا ڕاپەڕین کە بەداخەوە لەو ڕاپەڕینەدا هاونیشتمانێك بە ناوی (فایەقی شەریفی) شەهید کرا. ئێمە لەگەڵ پێشکەش کردنی سەرەخۆشی‌و هاوخەمی و پەژارەمان بۆ کەس و کاری شەهید، جارێکی دیکە ئەو بڕیارە دووپات دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی گەلی کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و رووخانی رژیمی ملهوڕی کۆماری نائیسلامی ئاخوندەکان دەست لە تێکۆشان هەڵ نەگرین.

ئەندامانی کونگرەی سێهەمی سازمان (کونگرەی پێش کەوتن) جارێکی دیکە سڵاو و ئەمەکداری خۆیان بە کەس‌وکاری بە ئەمەکی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و لاوانی قارەمان و نیشتمان پەروەر و تێکڕای چینەکانی دیکە، لە نیشتمانی ئازیزدا ڕادەگەیێنین و سەرکەوتنی گەل و رووخانی رژیمی ملهوڕی ئاخوندی بە حەتمی و نەگەڕاوە دەزانێ.

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازی و مافخوازیی گەلی کورد، بڕوخێ رژیمی ملهوڕی ئاخوندیی ئێران .

## کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## ٢٢ی رەشەمەی ١٣٨٤ی کۆچی خۆری

# ڕاگەیێندراوی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کونگرەی سێهەم

***هاونیشتمانە تێکۆشەرەکان!***

***ئەندام و کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران!***

***هێزە شۆڕشگێڕە ئێرانی و کوردستانیەکان!***

به خۆشیەوە رادەگەیێنین کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢١ی رەشەمەی ١٣٨٤ی کۆچی خۆری بەرانبەر ١٢ی فوریەی ٢٠٠٦ دەستی پێکرد لە ئێوارەی سێ شەممە ٢٣ی رەشەمە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات. کاری کۆنگرە بە چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز و فاتحەیێك بۆ گیانی شەهیدانی سازمان و شەهیدانی کوردستان و رێگەی ئازادی دەستی پێکرد. لەدوای سروودی نیشتمانی، بەرێز و تێکۆشەر جەنابی مامۆستا سیدجلال الدین حسینی وتارێکی بەنرخ و پەسەندی پێشکەش کرد لەدوای ووتاری مامۆستا راپۆرتی سەرکردایەتیی ڕابردووی سازمان لەلایەن کاك بێهرۆزی ئەردەلان خوێندرایەوە. ئەندامانی کۆنگرە بەووردی لەسەر خاڵەکانی ڕاپۆرت نەزەر و بیروڕای خۆیان پێشکەش کردو راپۆرتەکە بە تەواو و پڕناوەرۆك زاندرا. لەڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی سازماندا باس لە کار و چالاکیەکانی سازمان و رووداوە سیاسیەکانی ئێران و ناوچەکە و جیهان کراوە کە لەداهاتوودا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران و ئەویندارانی رێگەی پیرۆزی سازمانی خەبات و تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێز و لایەن و کەسایەتیە تێکۆشەرەکان. لە بەشێکی دیکەی کاری کونگرەدا باس لە هەڵوێستو سیاسەتەکانی ڕابردووی سازمان لە سەر رووداو مەسەلە چارەنووس سازەکان کراو ڕاو بۆچوونی بەکەڵك و پێویست لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕ کراو بڕیاری بە جێ و کاریگەر بۆ داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی کاری سازمان لە داهاتوودا دراوە.

لەسەر پێوەند بە هاوکاری لە نێوان سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و باقی هێز و لایەنەکانی کوردستانی ئێران، پێداگری لەسەر هاوکاری و هەوڵ بۆ پێك هێنانی بەرەی کوردستانی دراوەو کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراو دەبێ بۆ نزیك بوونەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی و ئێرانی هەنگاوی جیددی هەلگرێ. هەروەها لە پێوەند بە هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەنە شۆڕشگێڕە ئێرانیەکان کونگرە بڕیاری دا پێوەندیی سازمانی خەبات و هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ سازمانی موجاهدینی خەڵکی ئێرانو هێزو لایەنە ئێرانیەکان کە باوەڕیان بەڕووخانی رژیمی ئاخوندی هەیەو مافەکانی گەلی کورد لەبەرچاو دەگرن، هەوڵ بۆ دۆستایەتی لەگەڵیان، بەرنامەی کاری کۆمیتەی ناوەندی بێ.

لەپێوەند بە هێزولایەنە کوردستانیەکان کۆنگرە پەسەندی کرد سازمانی خەبات نزیکی و هاوکاریی هێز و لایەنە کوردستانیەکان لە کوردستانی عێراقو هێز و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەسەر مەسەلە چارەنووس سازەکان و پێوەندیو بیروڕا گۆڕینەوەو هاوکاری کردن درێژە پێبدا.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە تەرخان کرا بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەو پڕۆگرامی کۆنگرەی دووهەمی سازمان، لەو بەشەی کاری کۆنگرەدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و بەرچاو لە پەیڕەو پڕۆگرامی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و هەروەها لە سەر ناو و ئاڕمی سازمان پەسەند کرا و ناوی سازمانی خەباتی نەتەوەایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران (خەبات) کورت کرایەوە بە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.

ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریان دا، شیعاری بنەڕەتیی سازمان، کە تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەمافەکانی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران و رووخانی رژیمی ئاخوندی وەك خۆی بمێنێ و دەستی لێ نەدری.

لە بەشی کۆتایی کاری کۆنگرەدا، کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات هەڵبژێردراو کۆمیتەی ناوەندنیش بەڕێزو تێکۆشەر کاك بابەشێخ حوسەینی بە سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هەڵبژارد.

لە کۆتایی دا سپاس بۆ هەموو ئەو حیزب و سازمان و رێکخراو و کەسایەتی و دۆستانە دەنێرین کە بە ناردنی پەیام و رێنوێنیی بە نرخ و بەپێزی خۆیان هاوکارییان کردین.

**کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٤ی کۆچی خۆری**
**بەرانبەر ١٥ی فوریەی ٢٠٠٦ میلادی**

# ڕاگەیێندراو بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلۆنیۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

*هاونیشتمانە خۆشەویستەکان!*

*کادرو ئەندامو پێشمەرگە دڵسۆزەکان!*

ئاگادارتـان دەکەینـەوە کـە ڕۆژی چوارشـەممە ٣ی خاکـەلێوەی ١٣٨٥، پلۆنیـۆمی یەکـەمی کۆمیتـەی ناوەندیی سازمانی خەبات، بە ئامادەبوونی بەڕێزو تێکۆشەر جەنابی مامۆستا سید جلال الدین حسینی، کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتیی سازمان، بـەڕێوە چـوو کـە ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەندیو جێگرانـی کۆمیتەی ناوندیو چەند کادرێکی پێشکەوتووی سازمان تیایدا ئامادە بوون.

سەرەتای کارەکانی پلۆنیۆم، بە فاتیحەیێكو دەقیقـەیێك وەسـتان بـۆ ڕۆحـی شـەهیدانی ڕێگـەی پـیرۆزی سـازمانو شـەهیدانی کوردسـتانو ئێـران دەسـتی پێکـرد. لەدوایيـدا بـەڕێز کـاك بابەشـێخ لەسـەر مەسـەلە گرینگـەکان ووتـەیێکی پێـشکەش کـردو بیروبۆچـوونی خـۆی لەسـەر کـارو بەرنامـەی داهـاتووی ئەنـدامانی کۆمیتەی ناوەندیو ئۆرگانە جیاجیاکان باس کردو گەلاڵەی خۆی لەو پێوەندەدا خستە بەردەم پلۆنیۆم.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو پلۆنیۆمی یەکەمی سـازمان بـە ووردی لەسـەر بابـەتو کارەکـانی سـازمانو سەرکردایەتیی داهاتووی سازمان باسیان کردو بیروبۆچوونی خۆیان پێشکەش کرد.

پلۆنیۆمی یەکەمی کۆمیتـەی ناوەنـدیی سـازمان ڕاسـپاردەکانی کـۆنگرەی سـێهەمی سـازمانیان بـە گـرینگ زانیو بڕیار درا، ئەرکو کارەکانی سازمانی کە دەخرێتە ئەسـتۆی هـەرکام لـە ئەنـدامان، بـە گـەرمیو بایـەخ پێدانەوە جێبەجێیان بکەن.

لە کۆتایی کارەکانی پلۆنیۆمدا، ئۆرگانو کۆمسیۆنەکانی نوێی سازمان دیاری کراو کۆمسیۆنەکانی سازمان بەو شێوەیە دابەش کرا:

یەکـەم: سـکرتێری گـشتیو ئۆرگـانو بەشـەکانی - دووهـەم: کۆمـسیۆنی ئینتـشاراتو تـەبلیغات - سـێهەم: کۆمسیۆنی سیاسی نیزامی - چوارەم: کۆمسیۆنی ماڵیو کۆمەڵایەتی - پێنجەم: کۆمیتەی ئافرەتان.

ئەندامانی پلۆنیۆم بەتێکڕا ئاکـامو پەسـند کراوەکـانی کـۆنگرەی سـێهەمیان بـە گـرینگ زانـیو دوپاتیـان کردەوە کە بۆ بەرەوپێشتر بردنی سازمانو ئامانجەکانیو لـەپێناو گـەلی کـوردو لـە خـەباتو بەربـەرەکانێی دژی ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی بەوپەڕی تواناوە تێدەکۆشن.

**کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٥**